# ڕەهەندەکانی میتۆدی توێژینەوە لە فەلسەفەدا

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی ئاداب)

**سەرەتا:**

١ - گشت بابەتەکانی کولتووری مرۆڤ و شارستانی بە هەردوو ڕەهەندی ئەدەبی و زانستی، میتۆدە و کەرەستەی توێژینەوە لە یەکترییان جیا دەکاتەوە و تایبەتمەندی خۆیانیان پێ دەبەخشێ.

ئەگەر بابەتی توێژینەوە ئاشکرابێ و کێشەی لەسەر نەبێ، فیزیک ماددە، بیرکاری ژمارە، ئەندازە وێنە و سیمبۆلە جیاجیاکان بابەتی توێژینەوەیان بێت، ئەوە میتۆدەکەیان بابەتێکی دیکەیە و بەپێی زانستەکە دەگۆڕێ و پێویستی بە پێناسەکردن هەیە. پێناسەی بابەتێک سنووری جیاکار و ڕەگەز نابەزێنێ.

- بە گشتی میتۆد لە خۆیدا وشەیەکی یۆنانی- لاتینییە، واتای ڕێگەیەکی نەخشە بۆڕێژراوی ڕێکوپێک دەگەیەنێ بۆ مەبەستێکی پێشیانە دەستنیشان کراو کە لە سنووری بە دەستهێنانی زانینی زانستییانە ناچێتە دەرەوە.

ئەگەر مرۆڤ لەو سەرچاوانە وردبێتەوە کە بە زمانی جیاواز دەربارەی میتۆدە بە گشتی لە ئارادان و نووسراون، تاڕادەیەک هەندێک بنەما و ڕێسای بۆ ڕوون دەبنەوە کە تانوپۆی میتۆدیان لێ پێک دێت:

میتۆدە جۆری جیاوازی هەیە ئەگەر لە وردەکارییەکاندا لە یەکتری نەچن، لە چوارچێوە گشتییەکەدا چالاکییەکەیان بە جۆرە هەڵوێستێکی

(گومانێکی میتۆدەیی) دەست پێ دەکات و هیچ شتێک لە دەستپێکدا وەک خۆی پەسند ناکەن ئەگەر بابەتە گریمانکراوەکە نەخەنە خانەی هەڵسەنگاندنەوە، ئەوە نیشانەی پرسیاری لەبەردەمدا قووت دەکەنەوە بە مەبەستی ڕەواندنەوەی هەموو جۆرە ئەگەرێک و گەیشتن بە ئەنجامێکی دڵنیایی لێکراو کە دڵ ئاوی لێ بخواتەوە.

- میتۆد ئامرازێکی ڕێکوپێکی ڕەنگ بڕێژراوی نەخشە بۆ دانراوە، بۆ گەیشتنە ئەنجامێکی چاوەڕوانکراو پەنای بۆ دەبرێ، هەروەها دەکرێ بە جۆرێک لە سیستم و ئامرازی بیرکردنەوە و تەکنیکی چۆنێتی ڕێکخستنی لێکدانەوە و تیۆرییەکانی توێژەر دابنرێ (د. شوانی ٢٠١٥، ل٢٣)، کە لە خۆیدا شێوازێکی بەدواداچوونی ڕاستییەکان و هەستکردن بەو جیاوازییەی لە نێوان تیۆرییەکاندا زەق دەبێتەوە و هەست بە بوونی دەکرێ. بەو پێیە دەتوانرێ لە دوو ئاراستەوە میتۆدە پۆلێن بکرێت:

**یەک:** دەکرێ لە لایەکەوە میتۆدەی زانستی بە لقێکی زانست دابنرێ کە خۆی دەکاتە کەرەستەی لێکۆڵینەوە، ئیتر ئەو چالاکییە چۆنێتی بەکاربردنەکە و ئەو دەڤەر و پاوانانە دەگرێتە خۆی کە تێیاندا بەکاردەبرێ.

**دوو:** دەکرێ بە لقێکی لۆجیک دابنرێ. لۆجیکیش لە خۆیدا لەسەردەمی یۆنانی پێش زایین لەلای ئەرستۆ داهێنراوە، بە دەروازەی چوونە ناو جیهانی توێژینەوەی فەلسەفە و زانست دادەنرێ، بەڵام دواتر لەلای فەیلەسووفە مەسیحییەکان و موسڵمانەکان، لە سەدەکانی ناوەڕاست وا سەرنج دراوە کە تەکنیکێکە (هونەرێکە) بەکارهێنانەکەی مێشک و بیرکردنەوە لە کەوتنە هەڵەوە دەپارێزێ.

- لە چالاکی میتۆدەدا ئەم چەمکانە کاران و ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن:

**یەک:** پێناسەکردن.

**دوو:** شیکردنەوە.

**سێ:** پۆلێن کردن.

**چوار:** لێکدان (ترکیب)

داهێنانی میتۆدە وەک ئامرازێکی توێژینەوە بە پرۆسەیەکی هێمن و لەسەرخۆ و درێژخایەندا تێپەڕیوە. لەلای سوکرات (٤٦٩ — ٣٩٩ پ. ن) جۆرە هەوڵێکی ڕێکوپێک لەو بارەیەوە بەرچاو دەکەوێ، بە تایبەتی کە ئەفلاتوون و ئەرستۆ لە بەرهەمەکانیاندا بۆیان تۆمار کردووە و پاراستوویانە، بە ڕێگە خۆشکەری هەرسێک بەشی میتۆدە دادەنرێ:

**یەک:** پێناسەکردن.

**دوو:** هێنانە کایەوە (گەمەپێکردن)!

**سێ:** ئەزموون (ئیستقرا)،

گوایە سوکرات لەو چالاکیەیدا، کە لەسەر شەقام و کووچە و کۆڵانەکانی شاری ئاتین (پایتەختی ئێستای یۆنان) لەگەڵ خەڵک دواوە، لاسایی دایکی کردووەتەوە کە مامان بووە؛ گوتوویەتی:

من لاسایی دایکم دەکەمەوە. ئەو مامان بووە، یارمەتی زەعیفەی دووگیانی داوە بۆ ئەوەی منداڵ (زاڕوو)یان ببێ. من یارمەتی خەڵک دەدەم بۆ ئەوەی لە وتووێژ و بیرکردنەوەدا بگەنە ڕاستی و ڕاستەقینە (أفلاطون: محاورات ١٩٦٦، ص٥١). سوکرات یەکەم هزرمەندە کە فەلسەفەی هێناوەتەوە سەر زەوی و سەوداسەری گوتە و چەمکی هەمەکی بووە کە بە پرۆسەی (ئیستقرا) پێی گەیشتووە، کە لە هەندەکییەوە بەرەو گەیشتن بە هەمەکی هەنگاوی هەڵگرتووە، ئەمەش لەلای ئەفلاتوون بووە بە تیۆری ئایدیا.

- ئەرستۆ چالاکییەکانی پێش خۆی تاووتوو کردووە و جارێکی دیکە (ئەوەندەی پێوەندی

بە میتۆدەوە هەیە) سەرلەنوێ دایڕشتوونەتەوە و ئەو بابەتە سەرسوڕهێنەرەی لێ کەوتووەتەوە کە ئەو لە سەرەتادا بە شیکاری ناوی بردووە و دواتر ناوی (لۆجیک)ی بۆ دانراوە.

٢- دوای کۆچی دوایی ئەرستۆ (پاش هێرشەکانی ئەسکەندەری مەکدونیایی بەرەو ڕۆژهەڵات) جۆرە گومانێک کە دەکرێ بە میتۆدەیی ناوببرێ، لەلایەن ستۆوا (ڕیواقییەکانەوە) داهێنراوە.

- گومانکار ئەو کەسەیە باوەڕی بەڕاستی و ناڕاستی لە ژینگەیەکدا لاواز بووە کە لە گرێژەنە چووە، خۆی لە بڕیاردانی یەکلایی کردنەوە دەپارێزێ و دەڵێ نازانم (یوسف کرم: ١٩٦٦، ل٢٣٤).

گومانی میتۆدەیی بەوە لە گومانی ڕەها جیا دەکرێتەوە کە توێژەر، فەیلەسووف پەنای بۆ دەبات بۆ گەیشتنە ڕاستی و ڕاستەقینە و دەرکردنی کرمی گومان لە دڵدا. هەڵوێستی دیکارت لەو بوارەدا دیارترین نموونەیە.

- ڕیواقییەکان بڕیاردانیان هەڵپەساردووە و لە جیاتیدا پەنایان بردووەتە بەر:

**یەک:** ئەگەر... ئەوە .. کەوابوو.

**دوو:** یان... یان .. کەوابوو.

ئەم هەڵوێستە دواتر لەلای دیکارت و هوسەرڵ بە ڕێکوپێکترین شێواز بەرجەستە کراوە.

## ڕەهەندەکانی نەخشەی میتۆدەی توێژینەوە

- لە کایەی میتۆدەی توێژینەوەی فەلسەفەدا ئەو نەخشەیە بۆ نووسینی بابەتێکی تیۆرییانە، ئیتر ئەکادیمی، زانستی، یان فەلسەفە بێ، پشتی پێ دەبەسترێ. بە گشتی ئەم نەخشە میتۆدەیە لەو بەشانە پێک هاتووە کە بە تێکڕایی سەرجەمی بابەتەکەیان لێ پێک دێت: نووسەر، توێژەر پێش بڕیاردان دەربارەی چی دەنووسێ، یان چ بابەتێک هەڵدەبژێرێ، دەبێ ئەو خاڵانە پەیڕەو بکات بۆ ئەوەی مەرجی زانستی لە نووسینەکەیدا هەبێ:

**یەک:** چۆنێتی هەڵبژاردنی ناونیشانی بابەتەکە. کە دەبێ تایبەتمەندی کارەکە (توێژینەوەکە) بە وردی دەرببڕێ.

**دوو:** هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە ڕوون بکرێتەوە، بۆچی ئەو بابەتەی هەڵبژاردووە لە سەری بنووسێ؟

**سێ:** پێناسەکردنی ئەو چەمک و وشە گشتییانەی لە توێژینەوەکەدا بەکاردێن.

**چوار:** ئەو گرفتانە کامانەن کە دێنە بەردەم توێژەر و ڕووبەڕووی دەبنەوە؟ شییان بکاتەوە.

**پێنج:** دەبێ توێژەر ڕوونی بکاتەوە ئامانجی لەو توێژینەوەیە چییە؟ ئایا دەیەوێ بگاتە چ ئەنجامێک؟ کێشە و پرسیاری سەرەکی بابەتەکە کامانەن و چ ڕەهەندێکیان هەیە؟

**شەش:** لە سەرەتای توێژینەوەکەدا دەبێ ئاماژە بە توێژینەوەکانی پێشتر بدرێ کە لەو بارەیەوە نووسراون، ئەوجا شی بکرێنەوە، بەو واتایە لایەنی لەبار و نالەباریان کامانەن؟

**حەوت:** ئەنجام. لەو خاڵەدا توێژەر ئەو ئەنجامە دەخاتە ڕوو کە لە چالاکی توێژینەوەکەدا ئارێ، ناری پێی گەیشتووە.

**هەشت:** دەبێ بە وردی و ڕیزبەندیی ئاماژە بەو سەرچاوانە بدات کە لە کارەکەیدا پشتی پێ بەستوون و بە کاری هێناون، ئیتر بە هەردوو بەشی دەستی یەک و دوو.

توێژەر دەبێ لەو چالاکییەیدا پشت بە هەردوو ئاراستە (ڕێبازی) شیکاری و بەراوردکردن ببەستێ.

- بەبێ گرێوگۆڵ و بە ڕەوانی ڕوون بکرێتەوە: بۆچی ئەو ناونیشانە بۆ بابەتەکە هەڵبژێردراوە. ئایا هۆکاری هەڵبژاردنەکە پێوەندی بە خودی

توێــژەر خۆیــەوە هەیــە، یــان بابەتەکــە خــۆی هانــدەری هەڵبژاردنەکــە بــووە، یــان هەردووکیــان بــە یەکــەوە ئــەو ناوونیشــانەیان لــێ کەوتووەتــەوە.

لــە خاڵــی دووەمــدا دەبــێ وەڵامەکــە بــە بنەمــای توێژینــەوەی لۆجیکیانــەی زانســتی (بە واتا گشــتییەکە) پشــت ئەســتوور بــێ.

- دەربــارەی گرفتــی بــەردەم توێژینەوەکــە، دەبــێ چەنــد خاڵێــک ڕوون بکرێنــەوە: چونکــە هیــچ چاالکییەکــی ئەکادیمــی - زانســتی بەبــێ کێشــەوبەرە و بەبــێ گرفــت نابــێ، ئیتــر ئــەو گرفتــە لــە تەمومــژاوی و ئاڵــۆزی بابەتەکەدابــێ، یــان لــە کەمــی ســەرچاوە بــە زمانــی نووســەر خــۆی، یــان لــە پرســیارە ســەرەکییەکەدا بــێ کــە کــراوە بــە بابەتــی توێژینەوەکــە و لــە چوارچێــوەی کێشــەیەکدا ڕەنگرێــژ کــراوە، یەکالیــی بکرێتــەوە.

- دەبــێ توێــژەر لــە ســەرەتاوە ئــەو چەمکانــە پێناســە و ڕوون بکاتــەوە کــە بەکاریــان دەهێنــێ، بــۆ ئــەوەی بزانــرێ بابەتەکــە چییــە و ئامانجــی چۆنــە؟

لــە پێناســەکردنەکەدا دەبــێ پشــت بــە چەنــد بنەمایــەک ببەســتێ:

ناکرێ لــە پرۆســەی پێناســەکردنەکەدا وشــەیەک بــۆ ڕوونکردنەوەکــە بەکاربهێنــێ کــە ناســراوە، ئەوجــا دەبــێ ئــەو بابەتــە شــرۆڤە بکرێــت کــە چەمکەکــە ئامــاژەی پــێ داون، نــەک ئــەوەی بەالیــدا نەچــووە و باســی نەکــردووە.

- پێویســتە توێــژەر بەبــێ چەنــد و چــۆن، بــە دەســتەواژەی ڕێکوپێکــی ئەگــەر و گومــان هەڵنەگــر دەری بخات چ ئامانج و مەبەستێک لەو توێژینەوەیەدا چــاوەڕوان دەکات و بــە نیــازی چییــە؟

باســکردنی ئــەو توێژینەوانــەی پێشــتر لــەو بارەیــەوە نووســراون و بڵاوکراونەتــەوە ئەرکێکــی گرنگــە و پێویســت بــە چوونــە ژێــر باریانــەوە دەکات، ئەمــەش دوو الیــەن دەگرێتــە خــۆی:

**یەک:** لــە ســەرەتاوە ناوەڕۆکیــان تاووتــوو بــکات، ئەوجا جــۆرە ڕەخنەیەکیــان بــە هــەردوو ڕەهەنــدی ڕەوایــی و ناڕەواییــان لــێ بگــرێ.

**دوو:** ئایــا ئــەو توێژینەوانــە بەپێــی پێویســت، مەرجــی زانســتی توێژینەوەیــان پەیــڕەو کــردووە، یــان نــا؟ ئــەو کەموکوورییانــەی کــە تێیانــدا بــەدی دەکات، دەبــێ ببنــە مایــەی ئــەوەی توێژینەوەکــەی لێیــان دووربکەوێتــەوە و دووبارەیــان نەکاتــەوە.

بە دەستپاکی و زانستییانە، نووسینی سەرچاوەکان کار و ئەرکێکــی لــە ڕادەبــەدەر پێویســتە، دەبــێ نــاوی نووسەرەکە، ناوونیشــانی ســەرچاوەکە ســاڵ و شــوێنی چاپکردنەکــەی و الپەڕەکــەی بــە ڕێکوپێکــی بنووســرێ.

٣- تایبەتمەندییەکــی ســەرنج ڕاکێشــی فەلســەفەی نوێ لــە ئەوروپــا بابەتــی میتۆدە! دیکارت لە شــاکاری لێکۆڵینەوەیــەک دەربــارەی میتــۆدە، چووەتــە ژێــر باریــەوە. ئــەو بابەتــە بــووە کەرەســتەی فەلســەفەی ئــەو ســەردەمە. بیــرکاری کــە ئەوکاتــە گەشــەی کــردووە و کــراوە بــە بنەمــای بنەڕەتــی میتــۆدە. میتۆدێک پەنا بۆ بیرکاری بەرێ، بنەمای دڵنیایی لێکــراوی گومــان ڕەوێنــەر بــۆ چاالکــی فەلســەفە دەســتەبەر دەبــێ. میتۆدەکــەی دیکارت لــە چەنــد بنەمــا و ڕێسایەک کە سادە و ساکارن پێکهاتووە و کەوتووەتــەوە، ئەگــەر توێــژەر پەیڕەویان بکات، هیچ کاتێــک هەڵــە و چــەوت بەســەریدا تێناپــەڕن، بەڵکوو وردە وردە و هەنــگاو بــە هەنــگاو زانینەکــەی بــە بڕشــتتر دەبــێ و بــەو ڕاستییانە دەگات کــە توانایــی بەدەســت هێنانیانــی هەیــە، میتــۆدە داهێنراوەکــەی فەیلەســووفی فەرەنســا (دیکارت) لــە چــوار بنەمــای بنەڕەتــی ڕەنگــی ڕێــژراوە:

**یەک:** بنەمای دڵنیایی بوون.

**دوو:** بنەمای شیکردنەوە.

**سێ:** بنەمای لێکدان و داڕشتنەوە.
**چوار:** بنەمای ئاماری تەواوەتی (پێداچوونەوە.)
(دیکارت: میتۆدە ١٩٦٠، ل٢ بە ئەڵمانی)

**لە بنەمای یەکەمدا** هاتووە کە نابێ هیچ جارێک شتێک بەڕاست دابنرێ ئەگەر توێژەر لەوە دڵنیا نەبێت کە ڕاستە، ئیتر دەبێ مرۆڤی توێژەر خۆی لە بڕیاردانی خێرا و سەرپێی و پێشیانە ببوێرێ. لە بارەی هیچ شتێک بڕیار نەدات ئەگەر ئەو شتە بە ڕوون و ئاشکراییەکی ئەوتۆ نەکەوێتە بەر دید و بیر و نەزانرێ کە دەرفەتی هیچ ئەگەر و گومان لێکردنێک نادات.

**بنەمای دووەم،** لە شیکردنەوەدا بەرجەستە بووە، کە دەبێ هەر کێشەیەک کە لێوەی بکۆڵرێتەوە، بەپێی پێویست بەسەر چەند بەشێکدا دابەش بکرێت، بۆ ئەوەی چارەسەر و یەکلایی کردنەوەکەی سووک و ئاسان بێت. پرۆسەی شیکاری هەنگاوێکی سەرەکی میتۆدەی زانستی و زانستییانەیە، ئەو کێشە و پرسانەی تەمومژاوی و ئاڵۆزن و دەرفەتی ئەگەر و گومان دەدەن، بەڕێکوپێکی سادە و ساکارەکانیان شی بکرێنەوە، ئەمەش بەو بڕیارە ڕۆڵی بیرکاری لە میتۆددا دووپات دەکاتەوە.

**بنەمای سێیەم،** کە داڕشتنەوە و لێکدانەوە، بە پێچەوانەی شیکارییەوە لە سادەوە بەرەو لێکدراو لە بنەما و سەرەتاوە بەرەو ئەنجام هەنگاو هەڵدەگرێ.

توێژەر پشت ئەستوور بەو بنەمایەی میتۆد دەبێ بە شێوازێکی ڕێکوپێک و نەزم ئاساو گونجاو بیر بکاتەوە، بە کەرەستە و بابەتی سادە و ساکار و ئاسانترینیان کە لە توانستدا هەیە، دەست پێ بکات! بۆ ئەوەی پێ بە پێ و وردە وردە، پلە ئاسا بەوە بگات کە لە چەند شتێک لێکدراون (پێکهاتوون)، ئەوجا ڕێکوپێکی و نەزم بخرێنە نێو ئەو شتانەی سروشت ئاسا بەدوای یەکتریدا دێن.

بەو پێیە لەو قۆناغەدا پلە بە پلە هەنگاو بۆ گەیشتن بە ئەنجام هەڵدەگیرێ، ئەمەش وا دەری دەخات کە نەزم و ڕێکوپێکی هەیە و لە ئارادایە، مەبەستیش لێرەدا پێوەندی نێوان هۆکار و ئەنجامە.

- بەپێی بنەمای ئاماری تەواوەتی (پێداچوونەوە) ئەو پرسیارە وەڵام دەدرێتەوە: ئایا ئەوەی تا ئێستا کراوە، هیچ شتێک لەبیر نەچووە و بەسەردا تێنەپەڕیوە، ئەمەش ڕۆڵی دڵنیایی دەگێڕێ. لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا گومانەکە کاڵ دەبێتەوە، ئایا ئەو هەنگاوانەی هەڵگیراون لە جێگەی خۆیاندا بوون و هیچ جۆرە هەڕەمەکییەک و هەڵەیەکیان تێدا نەبووە؟ بەو پێیە، دەبێ لە گشت بابەتەکێشەیەکدا، لە هەموو جێگە و دۆخ و ڕەوشێکدا پێداچوونەوە و سەرژمێرییەکی تەواوەتی بکرێ. ئەو پێداچوونەوەیە سەرتاپاگیر و بە تەواوەتی بێ. دەرفەتی هیچ جۆرە لەبیرچوون و بواردنێک نەدات.

- لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە بەدواوە، گۆڕانی سەرتاپاگیر بەسەر ناوەڕۆک و لقەکانی فەلسەفەدا هاتووە پریشکی ئەو گۆڕانە بەر میتۆدیش کەوتووە، ئیتر میتۆد و ڕێباز لە یەکتر دابڕاون و جیاکراونەتەوە:

**یەک:** میتۆد، ئەگەر جاران ئەو ئامرازە بووبێ کە فەلسەفە و زانست و لۆجیک دوای ئەوەی ئاوێتەی بیرکاری کراون، بوون بە میتۆدی توێژینەوەی چالاکی و ئەنجامی زانستە ئەزموونی و ڕوخسارییەکان. ئەو میتۆدە نوێیە ناوی شیکردنەوەی لۆجیکیانەی بۆ براوەتەوە کە دوو تایبەتمەندی هەبووە: شیکردنەوە و لێکدان.

**دوو:** ڕێباز، چالاکییەکی تیۆرییە ئاماژە بە

ئاراستەی سروشتی چالاکی و کۆششە فەلسەفەییەکان دەدات وەک ڕێبازی ئایدیالیزم، مەتریالیزم، ڕیالیزم. خۆی بە گشتی (وەک ڕێباز) لە چەند تیۆرییەک پێکهاتووە، هەر تیۆرییەش لە چەند بەڵگەیەک و هەر بەڵگەیەکیش بەم جۆرە لە دەستەواژە پێک دێت:

تیۆری- بەڵگە- دەستەواژە.

میتۆدە بە تایبەتی لە کایەی فەلسەفەدا بەندە بە دوو چالاکی کە لەلایەک سەربەخۆن و لەلایەکەی دیکەوە تەواوکاری یەکترین:

- شیکردنەوە و لێکدان (تەرکیب).

ئەو دوو چەمکە دوو جەمسەری جیاواز و پێکەوە گونجاو بەرجەستە دەکەن.

**یەک:** شرۆڤەکردن و تاووتووکردنی یەکڕەنگی لە گشت کایە و بوارەکاندا.

**دوو:** لێکدانەوەی هەمەڕەنگی و بردنەوەی بۆ سەر بنەمای یەک ڕەنگیی بەوەی ڕوون بکرێتەوە چۆن پەیدابووە و بەو جۆرە کەوتووەتەوە؟

- شیکردنەوە و لێکدان (سونتێزە) لە پرۆسەی زانین و سەلمێنە و ساغ کردنەوەی چالاکی فەلسەفەدا، یەکەیەکی دەستیاوی پێکەوە بەندن و بنەماکانی تیۆری توێ توێ کردنی زانین بۆ سەر پشکە جۆر بە جۆرەکانی و بردنەوەی بۆ سەرنج و بنجوبناوان و سەرلەنوێ جارێکی دیکە بنیادنانەوەی لەسەر چەند بنەمایەکی نوێ ڕێک دەخەن.

لەو چالاکییەدا توێژەر بە وردی و زانستییانە کەرەستەی توێژینەوە و بنەمای دابەشکردنەکە (تیروپشک) لەبەرچاو دەگرێ و بە هەندیان دادەنێ بۆ ئەوەی شیکردنەوە، ئەوجا لێکدانەوەکە ئەو ئامانجە بپێکن کە لە پێناویدا پەنا بۆ ئەو پرۆسەیە براوە.

لەلایەکی ترەوە، شیکردنەوەی لۆجیکیانە لە چوارچێوەی فەلسەفەدا لە سەرەتاوە ئەو دەستەواژانە دەکات بە کەرەستەی تاووتووکردن و شیکردنەوە کە لێکدراون و سادە و ساکار نین، ئیتر دوای شیکردنەوەیان هەنگاو بە هەنگاو بەرەو ئەو دەستەواژانە هەنگاو هەڵدەگرێ کە سادە و ساکارن و دەستەواژە لێکدراوەکان لێیانەوە پێکهاتوون. ئەو دەستەواژە ساکارانە دوای شیکردنەوە، دەکرێ لەگەڵ هەڵکەوتی لە ئارادابووی دەوروبەر و دیاردە و هاوردەکانی هەستەکان لە بارەی دەوروبەرەوە بەراورد دەکرێن کە وردەکاری پرۆسەی زانینی مرۆڤ لێیانەوە پێکهاتووە و دەردەبڕن ئەوکاتە بەهۆی ئەو چالاکییەی شیکردنەوەوە، ئەو دەستەواژانە گیروگرفتیان لەبەر دەمدا نامێنێ و تەمومژاوییەکە دەڕەوێتەوە و دەشێ بەپێی پێوەری ساغکردنەوە لە بارەیانەوە بڕیار بدرێ، ئایا ڕاستن، یان نا؟ ئایا دەکرێ بە بنەمای چالاکیی زانستی و فەلسەفە هەژمار بکرێن؟ ئایا هەلومەرجی زانستیان تێدایە، یان نا؟ لێرەوە، دوای ئەو چالاکییەی شیکردنەوە و بردنەوە بۆ سەر بنجوبناوان، ئەوجا سەرلەنوێ لێکدانیان بووەتە مایەی ئەوەی فەلسەفە لە خۆیدا گۆڕانی بەسەردا بێ و ئەرکێکی نوێی پێ بسپێردرێ: ببێ بە لۆجیکی توێژینەوەی زانستی و بنەماکانی زانست.

### سەرچاوە و پەراوێز:


١ - د. محمد شوانی: سەرەتایەک بۆ نووسینی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا، هەولێر، ٢٠١٥.

٢ - أفلاطون: محاورات، ت: د. زكي نجيب محمود، القاهرة، ١٩٩٦.

٣ - ر. ج. كولنجود: المنهج الفلسفي، ت: فاطمة اسماعيل، القاهرة، ٢٠٠١.

4 – Arustoteles: Metaphysik. Berlin 1990.

٥ - يوسف كرم: الفلسفة اليونانية: بيروت، ١٩٦٦.

6 – Descartes: Methode. Meiner. 1960.